سودانی فەرمانی کرد خێرا بکرێت لە دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی جێگیر بۆ هاوردەکردنی گاز

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە" سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ دووشەممە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی کرد کە تیایدا بڕدەوام بوون لە گفتوگۆکان بۆ دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی جێگیر بۆ چارەسەرکردنی گازی هاوردەکراو لە بەندەری فاوە، کە بە یەکێک لە پرۆژە ستراتیژییە گرنگەکانی عێراق دادەنرێت، چونکە دەبێتە هۆی هەمەجەرکردنی سەرچاوەکانی گازی کارپێکراو بە وەستگەکانی کارەبا لە عێراق و شوێنی ئەم پرۆژەیە لە چوارچێوەی پانتایی بەندەرەکە دیاریکراوە. سەرۆکی ئەنجدمەنی وەزیران فەرمانی کرد بە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە ئامادەکردنی تەواوینێکی یەکخراو و لە ماوەی دوو هەفتەدا پێشکێش بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەی پلاتفۆرمی گرنگ. هەروەها سودانی جەختی کردەوە لەسەر سووربوونی حکومەت بە بڕدەوامبوون لە هەمەجەرکردنی سەرچاوەکانی وزە، جگە لە چوون بە چارەسەری ستراتیژی ئیشیی بە ئامانجی وەبەرهێنانی گونجاو لە غازی سروشتی و پێیوەندیدار، کە حکومەت دەستی پێکردووە بە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی غاز لە چەند ساڵی داهاتوودا.